دەزانن پێوەری دەستنیشانکردنی کاندیدەکان چۆن بووە؟ ... عیماد عەلی

ئەگەر چاو بە کاندیدەکانی گۆران و یەکێتی بگێڕیت و وەزعی نوخبەی کۆشە و ململانێی نێو ئەو دو حزبە بخوێنیتەوە، ئەوا هەر لە سەرەتاوە بۆت دەردەکەوێت کە تەنها و تەنها رازیکردن و لەبەرچاوگرتنی پێگە و قورسایی و بەرژەوەندی کوتلە و جەمسەرەکانە حوکمی یەکلاییکردنەوەی کاندیدەکانی داوە، ئەمەش ئەگەر بە یاریەکی تەکتیکی بە ناوی هەبژاردن و تەخویلکردنی کەسێك و گفتوگۆی سەرکردایەتی و گۆینەوەی راوبۆچونی نێوان سەرجەمسەرەکانیش بووە، نەك هەسەنگاندنی دەستەجەمعی بۆ دانای خەڵکی شیاو و لێهاتوو بۆ شوێنی شیاوی خۆی، بەڵگەی راستی ئەم قسەیەش ئەمانەیە:

*زۆرینەی رەهای کاندیدەکان ئەو کەسانەن کە پێش هەبژاردن لە لایەن سەرجەمسەر و خەتی سەرکردایەتیەکانیانەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە و بە پێی وەزعی نوخبەی حزبەکانیان هەسەنگاندیان بۆ کراوە بۆ لە بەرچاو گرتنی هیچ پێوەرێکی تەرو ئەوەی باسی لێنەکراوە پسپۆرتیەکانیان بووە" بەڵگەش بۆ ئەمە وەك دەزانین پێش ئەم هەاوهوریایە ناوی سەرجەمیان لە سەر جادە باس دەکرا و هەموو لایەك دەیزانی کە کێ وەزیر و کێش گزیرە و کتومت هەرواش دەرچوو.

*ئەوەی دەرکەوت کە کۆمەڵێك خەڵك لە بازنەیەکی تەسکدا بۆ مەرامی حزبی کاندید دەستنیشان دەکات، وەك ئەوەی کاری حزبی بە کاندیدەکە راسپێردرێت نەك ئەرکی حکومەتی، بەڵگەش بۆ ئەوە خەڵك هەیە لەبەر زیزنەبونی کە کاندید نەکراوە بۆ پستێك کە ویستی لەسەربووە پستێکی تر پێبەخشراوە و لە ویستی خۆیدا نەبووە و خەکیش هەیە شایانی زیاتر لە کاندیدبونە پشتگوخرواە.

*زۆرینەی هەای کاندیدی پلە باڵاکان لە ئەندامە باڵاکانی حزبەکانن واتە مەکتەبی سیاسی و خانەی راپەراندن و کورانی سەرجەمسەری بنەماڵەیی و خەڵکی نزیك لە خەتەکەی سەرۆك و ڕکەخەر و دەستڕێشتووی حزبەکە و کەسی یەکەم و دووەم و... تادوایی، ئەمەش بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەی حزبی تەسك و بنەماڵەییە، بۆیە بە مەبەستی حزبی دیاریکروان نەك زەیەك توانا و لێوەشاوەیی و شارەزایی کاروباری حکومی لەبەرچاو بگیرێت.

- سیقی و شارەزایی و توانا و ئەو قسانەی پێشتر دەکرا لە

جێبەجێکردنی دیموکراسییەت لە دیاریکردنی کاندیدەکان و لەبەرچاوگرتنی پسپۆڕی و پێویتسبونی خەڵکی شیاو، هەموو بڕی سەر ئاو بوون، بۆیە ناوی کاندیدەکان بە کوتلەبازی و ڕێککەوتنی پشوەخت بە شەوێك لە لایەن سێ بۆ چوار کەسەوە یەکلایی کرایەوە.

- *ئەوەی دەردەکەوێت کە زۆرینەی رەهای کاندیدەکان لەنێو حزبەکان سەر بە ناوچەیەکن کە هەر یەکەو باڵادەستە تێیدا، وا دەردەکەوێت کە لە دەستنیشانکردنی وەزیرەکانیش دوو ئیدارەیی لەبەرچاو گیراوە، ئەوەتا پارتی زۆرینەی هەرەزۆری کاندیدەکانی سەر بە دەڤەرەکەی خۆیە و هەروەها یەکێتی و گۆڕانیش سەر بە زێنەکەی خۆیانن.
- ئەوەی زیاتر دەرکەوتووە و ئەوەی لەو کێبونەوانەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت و بەلایدا نەچوون باسکردنی ئەوە کاندیدانەیە کە ئایا دەتوانێت لەو بوارەدا چیی پشکەش بکات و پشبخات، تەنها باس لە دابینکردنی شایستە حزبیەکان و چۆنێتی دابینکردنی بەرژەوەندەی کەسی وحزبیەکان بووە و کێ دەتوانێت لە حکومەتەوە کارە حزبیەکە رایبکات و کامەیان لە بەرژەوەندی کام کوتلەن و بەس. ئەگە کابینەکانی پشتر تا ڕۆژەیەك خەڵکی تا رادەیەك پسپۆڕی تێکەوتبێت ئەمجارە و بۆ کابینەی نوێ ئەوەش نەماوە.
- بۆیە، تا رەوتی سیاسی کوردستان بەم شێوەیە بێوات، نە چاوەڕی بەرەوەبردنی حکومەتی جیاواز بین و نە خەلکی شیاو لە شوێنی شیاو دەبینینەوە. ئێوە تەنها تەماشای ئەو وەزارەتانە بکەن کە هەستیارن دنگەی پشکەوتنی هەموو میلەتێکن و پێویستی بە لێهاتوویی زیاتر و خەڵکی پسپۆری شارەزای خاوەن زانست و مەعریفەیەی زیاترە لەوانی دیکەی، بە پێچەوانەوە خەڵکی وا دانراون کە تەنها سەر بە بنەماڵەو خەتەکانن و بەس. بۆیە چاکسازی و گۆڕینی شێوازی حوکمداری قسەی رووتبوو، تەنها چاوەڕێی هەڵەی زیاتر و پاشەکشە بین نەك حوکمی رەشید، چاوەڕی زیاتر دەوڵەمەندبونی دەوڵەمەندەکان و هەژاربونی هەژارەکان بین نەك دادپەروەری کۆمەڵایەتی، چاوەڕی حوکمێکی پر کێشە و میلەتێکی پر لە چەرمەسەری بین نەك ئارامی و ئاسودەیی، چاوەڕی ملکەچبونی زیاتر بۆ وڵاتانی دەوروبەر و لاوازی زیاتر لەبەرامبەر بەغدا بین نەك بەهێزبون و پشکەوتن، دەبێت چاوەڕی ئەوەبین هەروا زیاتر فرۆکەی تورکیا و فشاری ئێران بە زەقی لە کوردستاندا ئامانجی خۆیان بپێکن. لەهەمووی چەرمەسەریتر دەبێت چاوەڕی

ئەوەبین کە کێشە و ململانێی حزبەکان زیاتر لە کابینەکانی پێشوو لەناو حکومەتدا رەنگبداتەوە.